# زانیاری لە Förpacknings- och Tidningsinsamlingen *

Sydkurdiska

هەر کاتێک کە کارتۆنێک یاخود ڕۆژنامەیەک دەبەی بۆ بنکەی دووبارە بەکارهێنانەوە återvinningsställe، گۆڕانکاریەکی مەزن ڕوودەدات! سەرەبتڵی کۆن دەبێت بە پێچ. کارتۆنی تایتی لوولدراو دەبێت بە کارتۆنێکی جوانی پێڵاوان. ڕۆژنامەی خوێندراوە دەبێت بە ڕۆژنامەیەکی نویٚ بۆ خوێندنەوە. بەو شێوەیە ڕێگە لە بەفیرۆچوونی ڕێژەیەکی زۆری ووزە دەگریت. هەروەها وا دەکەی کە کەرەستە خورسکەکانی سروشت لە سوری خۆیاندا بمێننەوە. بە هۆی تۆوە ژینگە سوودێکی زۆری پێدەگات. بەوشێوەیە هەرکاتێک کە شتێک دەگەڕێنیەوە بۆ بە دووبارە کارهێنانەوە، تۆش سودێکی زۆرت پێدەگات.




## کارتۆن و ڕۆژنامە لە هەمان سوری مانەوەدا

هەموو ئەو کارتۆن ڕۆژنامانەی کە کۆدەکرێنەوە دیسانەوە کارتۆن و کەرەستەی تریان لێ بەرهەم دەهێنرێت. لە پاکەتی نایلۆن دەکرێت دیواری ڕێگرتن لە ژاوەژاو، فلّچەی قاپشوتن یاخود گوڵدانی لێ دروست بکریٚ. هەروەها پاکەتی شوشەیی و کارتۆن و پاکەتی کاغەزینیش بە زۆری دەکرێنەوە بە پاکەت و کارتۆنی نویٚ. پاکەتی کانزایی دەکرێت لە دروستکردنی هێلی شەمەندەفەردا بە کاربهێنرێت یاخود لە دروستکردنی لاشەی ئۆتۆمبیل و زۆر شتگەلی تریشدا بەکاربهێنرێت. ڕۆژنامەی خوێنراوەش دەکرێتەوە بە کاغەزی تازەی ڕۆژنامە.

## لێپرسراوێتی بەرهەمهێنەر

حکومەت بڕیاریداوە کە هەر کۆمپانیایەک کە بە بەرهەمهێنان، هاوردن، پڕکردنەوە یاخود فرۆشتنی پاکەت و شتومەکی پاکەتکراوەوە خەریک بێت ئەرکی سەرشانیەتی کە وا بکات کڕیاری کۆتایی ئەو شتومەکانە پاکەتەکانیان بگەڕێننەوە بۆ بنکەکانی بەکارهێنانەوە. ئەوە پێی دەگوترێت بەرپرسیارێتی بەرهەمهێن. هەمان شت ڕۆژنامە و کاغەزی لە گێڕاوەهاتووش دەگرێتەوە. ئەوانەی کە کاغەزی ڕۆژنامە دروست دەکەن یان لە دەرەوەی وولاتەوە دەیهێنن و ئەوانەی کە ڕۆژنامەکان چاپ دەکەن یاخود لە دەرەوەی وولاتەوە دەیانهێنن بە هەمان شێوە بەرپرسیارن بەرامبەر کۆکردنەوە و دووبارە بەکارهێنانەوەی کاغەزی لە گێڕانەوەهاتوو. ئەو شتانە قەبارەیەکی زۆری زبڵی نێو ماڵ پێک دێنن و مامەڵە کردنیش لە گەڵیاندا ئاسانە. بەرهەمهێنەکانی ئەو کارتۆن و کاغەزگەلی لە گەڕانەوەهاتوو لە ژێر ناوی (Förpacknings- och tidningssamlingen) کە بە مانای کۆکردنەوەی کارتۆن و ڕۆژنامە دێت و کورتکراوەکەی(FTI) ە، کۆبوونەتەوە. هەموو کاروبارەکانیان بە بێ ئامانجی بە دەستهێنانی قازانج بەڕێوەدەبردرێت.

## بنکەکانی بەکارهێنانەوە

FTI لێپرسراوێتی ٥٨٠٠ بنکەگەلی بەکارهێنانەوەی لە ئەستۆیە. بۆ فڕێدانی هەر ڕۆژنامە و پاکەتێکی نایلۆن، کاغەزی، کانزایی یاخود شووشە دەبێت بچیت بۆ ئەو بنکانە. (دەشیٚ لەو شوێنانەدا جێگای تایبەتیشی لێ بێت بۆ فڕێدانی پاتری و جلوبەرگ).

FÖRPACKNINGS
& TIDNINGS
INSAMLINGEN

www.ftiab.se, tel 0200-88 03 11

* دەزگای کۆکردنەوەی ڕۆژنامە و پاکەت

# چۆنێتی لێکجیاکردنەوە

هەموو پاکەتەکان دەبێت بەتاڵکرابن و پاککرابنەوە. ئەو پاکەتانەی لە ماددەی جیاجیا پێکدێن، دەبێت بە پێی ئەو مادده جیاجیایانەی لێیان پێک هاتوون لە یەک هەڵبوەشێنرێن. ئەگەریش نەکرا پاکەتەکە لێک هەڵبوەشێنی دەبێت لە شوێنی ئەو ماددەیەی باوێی کە کێشەکەی لە هی هەموو ماددەکانی تر زیاترە.



## پاکەتی نایلۆن

پاکەتگەلی نایلۆن لەو دوو جۆرەی خوارەوە پێک دێن:
پاکەتی نایلۆنی رەق
بە نمونە: بتڵ، قوتوو، دەبە و سەتڵەی بچووک
پاکەتی نایلۆنی نەرم
بە نمونە: کیسەی نایلۆن، پاکەتی دووبارە پرکردنەوە یان refillpaket، قەپاغ، کیسەی جیس، تەپەدۆر، نایلۆنی ناسکی پاراستنی خواردن و فیلم.

بەم شێوەیە بکە! شوێنی کۆکردنەوە پاکەتی نایلۆنی رەق و نەرم لە هەموو بنکەکانی دووبارەبەکارهێنانەوەدا هەیە، بەڵام خودی کۆکردنەوەکە بە دوو رێگا ئەنجام دەدرێت. بە زۆریی هەردووک جۆری نایلۆنەکە لە هەمان تێگردا کۆدەکرێنەوە. یان ئەوەتا هەر جۆرەیان لە تێگری خۆی دەکرێت. بۆ ئەوەش بزانی لەو کۆمونەی تۆ لێی دەژی ئەو شتە چۆن چۆنیە ئەوا بڕوانە ئەو نوسراوەی کە لە سەر خودی تێگرەکان نوسراوە. شوێنی کۆکردنەوەی لای خانوبەرەش هەمان شت دەیگرێتەوە. تەپەدۆر و سەرەکان جیا بکەرەوە. ئەو کیسەیەی پاکەتە نایلۆنەکانی تێدایە لە تێگرەکەدا بەتاڵی بکە، تا پاکەتەکان بە نەبەستراوی و کراوەیی لەوێ بن بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ بەکاربردنەوەیان.
بیرتنەچێ! شتە نایلۆنەکانی تری وەکو (مۆبل و کەرەستەی یارییپێکردن) کە پاکەت نین دەبێت لەگەڵ زبڵی ماڵی دا فڕێ بدرێن.
قوتووی نایلۆنی پانتیش دەبێت بۆ کۆگاکان بگەڕێندرێنەوە.



## پاکەتی کاغەز

بە نمونە: پاکەتی شەکر، پاکەتی ماکەڕۆنی یان پاستا، پاکەتی دیاری، پاکەتی شیر و شەربەت، پاکەتی پێڵاو، کلێنسی ئاودەست، بەرگی سیدی و کتێب کە بە پۆست بۆت دێت وە هەروەها کارتۆن.

بەو شێوەیە بکە: رێکیان کە و قەدیان کە. پاکەتە بچوکەکانیش لە پاکەتە گەورەکان باوێ.
بیرت نەچێ! زەرفی نامە یاخود شتی تری هاسان سوتاو لەگەڵ زبڵی ماڵی دا دەبێت فڕێ بدرێت. رۆژنامە، کاغەزی ریکلام و ئەو جۆرە شتانەش دەخرێنە ناو لە تێگری رۆژنامەوە.



## پاکەتی کانزایی

بەنمونە: قوتووی کۆنسێرڤ، قوتووی سپرای، قاوغ، سەرەبتڵ، قوتووەبۆیاغی بەتاڵ و ئەلەمنیۆمی خواردن پێچانەوەو فۆرمی ئەلەمنیۆمی.

بەو شێوەیە بکە! سەری تیژی قووتووی کۆنسێرڤ بۆ ناوەوە بقوپێنە. لە کلاوەی لولەی خاڤیار وەکخۆی گەرێ و لێی مەکەوە.
بیرت نەچێ! قووتووی بۆیاخکراو و پاشماوەی چەسپ و کەتیرە دەبێت لە شوێنی تایبەت بە زبڵی مەترسیداردا فڕێبدرێن. زبڵی کانزایی، ووردەکەرەستەی گەرمی و هەواگۆڕکێ و ئاودەست و حەمام یان vvs-detaljer، تاوە و ئەو شتانەی کە پاکەت نین دەبێت لە گەڵ زبڵی ماڵیدا فڕێ بدرێن. قوتووی خواردنەوە دەبرێن بۆ کۆگا بۆ پانت کردن.



## پاکەتی شوشە

بە نمونە: بتڵی شوشە، قوتووی شوشەی بێرەنگ و رەنگدار
بەم شێوەیە بکە: سەر و تەپەدۆرەکەیان لێ بکەوە و بە پێی جۆری ماددەکەیان جیایان بکەوە.

بیرت نەچێ: بتڵی شوشەی ٣٣ سەنتی لیتری و ٥٠ سەنتی لیتری دەبێت بەریتەوە بۆ کۆگا و پارەیان لە بر وەربگری. دەبێت فەخفوری و سیرامیک شوشەی دیکە کە پاکەت و تێگر نین لە گەڵ زبڵی ماڵیدا فڕێ بدەی. گلۆپی ئاسایی و شیری نابێت لە تێگری پاکەتی شوشەدا فڕێ بدرێن بەڵکو دەبێت ببرێن بۆ مەڵبەندی سەرەکی بەکاربردنەوەی کۆمۆن. بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە پەیوەندی بە کۆمۆنەکەتەوە بکە.



## رۆژنامە

بە نمونە: رۆژنامە، هەفتەنامە، گۆڤار، کەتەلۆگ، کاغەزی ریکلام (دیعایە)، نامیلکە وکاغەزی نوسین و وێنەکێشان.
بەم شێوەیە بکە! پێش ئەوەی چاپەمەنیەکە بخەیتە تێگرەکەوە دەبێت نایلۆن و پارچە کاغەزی ریکلامی لێکەیەوە.

بیرت نەچێ! زەرفی نامە دەبێت لەگەڵ زبڵی ماڵیدا فڕێ بدرێ (یان هەر شتێکی تر کە زوو بسوتێت).